کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
29-4-2007 16:23بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بەرەی تورکمانی لەنوێترین دیمەنی ئەڵقە لەگوێی فیتنە گەریاندا... ئامانج عەبدوڵا سوور

بەرەی تورکمانی پێکهاتەیەکی سیاسی ویاسایی نیە هێندەی ئەوەی گروپێکی تێکدەروئەڵقەلەگوی و نوشتاوەبەبریارەکانی تورکیای کەمالیە هەربۆیە لەدەورەی جیاوازی خۆی دا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەوپوکانەوە دێت وبەرپرسە یەك لەدوای یەکەکانی هەریەکەیان بەبیانویەك دەست لەکاردەکێشنەوەودەچنەوە سەرکار ی سەرەکی خۆیان، بەرەی نۆکەرانی تورکیا لەدۆخێکدا کە تورکیا سەرگەرمی هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێیە بۆ وولاتەکەی لەناوشاری ئەستەنبوڵ ئاهەنگێکیان سازداووتیای دا سوکایەتیان بەکوردەوە کرد، وێنەی سەرۆکی هەریمی کوردستانیان سوتاند چونکە بەرەی نۆکەران وگروپی ڕوو زەردان هیچ دەستاوێژێکی یاساییان بەدەستەوە نەماوە بۆ ڕووبەروبونەوەی دۆسیەی ڕەوای نەتەوەیمان هەربۆیە لەبی دەسەلاترین وقیزەونترین ڕەفتاریان دا هیچیان بەدەستەوە نەماوە لەوەزیاتر کەوێنەی سەرۆکی کوردستان بسوتێنن ودواجار لەشاشە پرلەشەرمەزاریە بەزۆر ڕاگیراوەکەی خۆیان نمایشی دەکەن وشانازیشی پێوەدەکەن..

چونکە بەرەی لەبەریەکهەڵەشاوەی نۆکەران کەلەنێوخۆشیاندا یەکنین وکورد ووتەنی ناوی گەورەودێی وێرانن گەیشتەونەتە ئەوبروایەی کەمومکین نیە ونابی کورد دەست لە کەرکوکی دڵی کوردستان هەڵبگری ولەدواکەناری دڵئارامی داین ئیدی بەئەندازەی ئاژەڵێکی هارکەوتونەتە خۆیان بەلام مەخابن لێرەدایە کە بەعالەم سەگی هاوشار کەچی بەکورد پشیلەی ناتەواو دەوەری!!

بەرەی جاشان بەهەموو ئەو دەعمەگەورەیەی لەپشتیانەوەیە ڕێژەیەکی هێجگار کەم ولاوازیان هەیە هەربۆیە تورانیەکان لەراکێشانی ئەم کارتەیان دا وەك کارەتەکانی تریان شکستیان خواردووە لی ناشتوانن دەستبەرداریان بن وانیش بۆ خۆخستنەوە بەرچاو پەنادەبەنە بەرسوتانی وێنەی سەرۆك دیارە ئەوانیش باوەری دروستیان لەلا گەلالەیە کە لەنزیکترین دەرفەت دا دەگەینە مەنزلی مەبەست وخۆری سەربەخۆییمان لی هەڵدێت جا ئەوکاتە یادی بەرەی جاشان تەنها بەدوو تف دەکەینەوە. بائەمەش نامەیەکی کراوە بێت لەومناڵە چاوگەشانەی چاویان لەسبەینێیە وئامادەنین بەرەیەك بەناوی بەرەی جاشان لەیادەورەیان بهێڵنەوە..

ئاخرکۆشکێك لەووڕەی پر لەجەسارەتی نەتەوەیی ئیمەناروخی بەهەولی چەپەلی خێلی جاشان بەرەی نۆکەران. ئێوە کەئامۆژگاری دادتان نادات نیتشە ووتەنی هەوای باڵی سەرکەوتنمان لەجێگادا ڕاتاندەگری لەشۆکدا هەراسانتان دەکات... سەرفرازی بۆ ڕێرەوی بارزانی ئەو سەرکردە نەتەوەییەی هەڵگری پەیامێکە گوزارە لەخواستی هەموان دەکات زایەڵەیەکە دەنگی هەمومانی تیادا دەبیستینەوە ....

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.